ماتەمگێڕو میوان و ئامادەبووان

کەسوکاری سەربەرزی شەهیدان و وونبوان

بریندارانی کیمیاباران، شەهیدە زیندووە بێ نازەکان.

هەڵەبجە هێمای بەرخودان و قارەمانێتیە، ئەو شارەیە کە لەهیچ سەردەمێکدا سەری بڵندی نەوی نەکردووە بۆ ستەمکاران و لەپێناو پاراستنی کەرامەتیدا بە درێژایی مێژوو بەچەندین شێوازو لەچەند سەردەمێکداو لەلایەن چەندین دوژمنەوە بەدڕندانەترین شێوە هێرشی کراوەتە سەر؛ بەڵام هەڵەبجە هەمیشە خۆڕاگربووەو ناحەزەکانی لەناوچوون و ئەو بەسەربڵندی ماوەتەوە.

ڕژێمی بەعسی عێراق ویستی هەڵەبجە لەسێدارە بدا؛ بەڵام هەڵەبجە بوو بەپارێزگاو سەرانی بەعس لەسێدارەدران یان لەزیندانەکان توندکران, هەرچەند لەسەرکەیسی هەڵەبجە نەبو.

هەڵەبجە شەهید بوو, بۆ ئەوەی کۆتایی بە ستەم و تاکڕەوی و نادادپەروەری بێت, خەونی هەریەکەمان بەرقەراربوونی ئازادی و هاتنەسەر کایەی حکومەتێکی دادپەروەرو مرۆڤدۆست بوو، بەڵام بەداخەوە هەر وەک خەون مایەوە.

ڕژێمی سەددام ڕوخێنراو ئومێدی زۆرمان لەسەر دەسەڵاتی پاش بەعس هەڵچنی؛ بەڵام سەد ئەفسوس دەسەڵاتدارانی عێراق لە دەسەڵاتدارانی پێشووی خۆیان باشتر نەبوون و تائێستاش بەهەمان نەفەسی ڕەگەزپەرستانەوە مامەڵەمان لەگەڵ دەکەن.

حیزبەکانی کوردستانیش بە تایبەتی ئەوانەیان کە خاوەنی پێگەو دارایی و هێز بوون زۆر بێ وەفا بوون بەرامبەر بەم شارە شەهیدپەروەرەو بایەخێکی ئەوتۆیان پێ نەداوە، صەدام بەگازی کیمیایی هەزارانی لێ شەهید کردین ئەمانیش بە بەڵێنی ناڕاست و بێ بنەما دەستخەڕۆو فەرامۆشیان کردین و بە یاری کردنیان بەهەست و سۆزمان برینەکانیان قوڵتر کردینەوە.!

هەڵەبجە دەبووایە درووست مامەڵەی لەگەڵ بکرایەو هەرێم و دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵی کەمیراتگری حکومەتی لەناوچوی بەعسە, لە مێژەوە قەرەبووی مادی و مەعنەویان بکردایەتەوە؛ بەڵام ئەوەی جێی بایەخیان نەبوو قەرەبووکردنەوەی ئەم شارە بوو.

ئەم شارە کراوە بە پارێزگا لەسەر کاغەز کەچی هەندێک لەوەزارەتەکان بەربەستی بۆ درووست دەکەن و هەندێکیشیان بەشەرمەوە ناوی بەپارێزگا دێنن.

بەغداش وێڕای ڕەزامەندی وبریاریان لەسەر بەپارێزگاکردنی هەڵەبجە ئامادەنییە لەئێستادا وەک پارێزگایەکی عێراق مامەڵەی لەگەڵ بکات.

ئەو هەموو سەرۆک کۆمارو جێگر سەرۆک حکومەت و جێگر سەرۆک پەرلەمان و وەزیرو پەرلەمانتارو باڵوێزو ڕاوێژکارو بەڕێوەبەری گشتیانەی کورد لە دەوڵەتی عێراق چەند کەسێکی کەمیان لێ دەرچێ کەبە پەنجەی دەست دەژمێردرێن بە درێژایی پانزەساڵ سوودێکی ئەوتویان بۆ ئەم شارە نەبووەو ئەگەر جارجارێکیش کارێک یان قسەیەکی خێریان بۆ کردبێت داویانەتەوە بەڕوویدا کە ئەگەر هەڵەبجەو قوربانیەکانی نەبوایە ئەو پلەوپایانەیان لە عێراقدا لەخەویشدا نەدەبینی.

زۆر مایەی نەنگی ە تاوەکو ئەمڕۆ کاری لێبڕاوانە ئەنجام نەدراوە بۆ دۆزینەوەو ئەنجامدانی پشکنینی دی ئێن ئەی بۆ وونبوانی کیمیابارانی هەڵەبجەو یەکلانەکردنەوەی چارەنووسی ئەوانەشیان کە دۆزراونەتەوە بەڵگەیەکی زەقە لەسەر بەکەم تەماشاکردنی قوربانیانی هەڵەبجەو بەخەم نەزانینیان.

بەداخەوە ململانێی حیزبی بێزراوو نابەجێ و بەرژەوەندپەرستی کەسی و حیزبی و فرە ڕەنگی و فرە دەنگی بوویە مایەی نەگبەتی و نەهامەتی هەرێم و نەهەنگەکانی گەندەڵی سەرخان و ژێرخانی ئەم هەرێمەیان لووشداو لە پێناو دەستخستنی پلەو پارەدا کەرامەتی تاکی کوردییان شکاندو پیرۆزی پێشمەرگەشیان لەکەدار کرد.

ئێوە ڕەنجتان بەخەساردان و ڕیسەکەتان لێ کردینەوە بەخوری و هەرچییەکمان هەبوو لەدەستاندا، ئێوە هەرێمتان ڕووبەڕووی هەرچی مەترسی هەیە کردەوەو خۆشتان لێ بێ ئاگا کردو نیشتمانتان گەڕاندەوە بۆ نیوسەدە لەمەوپێش لە هەموو ڕوویەکەوە.

لەم بۆنە خەمناکەدا تکا دەکەین لە لایەنە پەیوەندیدارەکان کە چیتر یاری بەهەست و سۆزمانەوە نەکەن و چیتر بەڵێنی ناڕاست و شاخدارو بێکردار هەوڵی فریودانمان نەدەن، یان ئەم شارەمان بە فیعلی بۆ بکەن بەپارێزگا یان بەڕاشکاوی پێمان بڵێن کە ئەمەشمان فریودانێکی تربوو لە خەرمانی ئەو هەموو بەڵێنانەی کە نەتانبردنەسەر.

پێمان بڵێن کوا سیمای بەپارێزگابوونی ئەم شارە؟! ، چیتان کرد بۆی تا لەبەغدا وەک پارێزگایەک مامەڵەی لەگەڵ بکرێت ؟. !

قوربانیانی هەڵەبجە تاوەکو ئەمڕۆش دەناڵێنن و دەپاڕێنەوەو دەلاڵێنەوە چارەسەریان بکەن بەڵام ویژدانەکان مردوون و چاوەکان کوێرن و گوێکانیش کەڕن .

تاوەکو ئەمڕۆش یەک تاوانباری کیمیابارانی هەڵەبجە بەدیاریکراوی لەسەر هەڵەبجە بەسزا نەگەیەنراوەو ئەوانەش کە سزا دراون لەسەر دۆسیەی تاوانی دوجەیل و تاوانی ئەنفال بووە، تەنانەت ژمارەیەک لەوانەی بەشداربوون لە تاوانی کیمیابارانی هەڵەبجەدا بەڕێزەوە بەڕێکران بۆ دەرەوەی وڵات و لەدەرەوەو ناوەوەی کوردستانیش بە ڕێزەوە خزمەت دەکرێن، کە ئەم کارە ناپاکیەکی نیشتمانی گەورە بوو بەرامبەر بە کورد و قوربانیەکان.

دوای ٣٠ ساڵ لەتاوانەکە, لە ئەمڕۆدا پتر لە (٣٠٠) سێ سەد(سەدان) برینداری کیمیاباران لە هەڵەبجەدا هەن کە ژیانێکی لێوان لێو لە کوێرەوەری و نەهامەتی بەسەردەبەن

و ڕۆژانە ململانێیانە لەگەڵ مەرگداو هیچ حکومەت و لایەنێکیش نەیکردوون بە خەمی خۆیان و ئەوانەش بەحساب بەهانایانەوە چوون بەدەوری برینەکانیاندا سوڕاونەتەوەو چارەسەری برینەکانیان نەکردوون.

ئەم بریندارانە بەهۆی خزمەت نەکردنی شیاوو پێویستیانەوەو بەهۆی دابین نەکردنی پێداویستییە دەرمانی و پزیشکییەکانیانەوە بەردەوام لێیان شەهید دەبێت، تەنها لە پاش ڕووخانی ڕژێمی صدام ەوە تاوەکو ئێستا (١٠٤)بریندراری کیمیابارانی هەڵەبجە شەهید بوون.

لەسەر داوای کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە لە ٢٦/٤/٢٠٠٦ ەو داوای نەخۆشخانەیەک بۆ ئەو بریندارانە کراوەو لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە ڕەزامەندی دراوەو بڕی دوانزە ملیۆن و سەد هەزار دۆلاری بۆ تەرخان کراوە؛ بەڵام پاش تێپەڕبوونی دوانزەساڵ بەسەر ئەو بەروارەدا هێشتا ئەو نەخۆشخانەیە نەکراوەتەوە بەڕووی برینداراندا و تەنها یەک کەسیشیان سوودی لێ نەبینیوە.

لە ئێستادا کە کوردستان ڕووبەڕووی چەندین قەیرانی گەورەی هەمەجۆر کراوەتەوە چینی بریندارانی کیمیایی زەرەرمەندترین چین و توێژ بوون و بەتەواوەتی فەرامۆش کراون و کەس خۆی ناکات بەخاوەنیان و شوێنێک شک نابەن پەنای بۆ بەرن بۆ چارەسەری گرفتە تەندروستییە گەورەکانیان، ژمارەیەکی بەرچاویان خەریکە بیناییان لەدەست دەدەن و لەچاوەڕوانی چاندنی گلێنەی چاودا بۆیان شەوو ڕۆژ دەژمێرن، ژمارەیەکی دیکەشیان لە ئێستادا یاخود لە داهاتوویەکی زۆر نزیکدا پێویستیان بە چاندنی سیەکان هەیە لەبەر ئەوەی سییەکانیان سوتاوەو ڕزیوەو لەکار دەکەوێت.

حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی هەرێم لەسەرەتاوە فەرامۆشی کردوون و بەم دواییانەش کە ئاوڕی لێدانەوە وەک خەمێکی گەورە مامەڵەی لەگەڵ نەکردن و بە ناردنیان بۆ ئێران بۆ چارەسەر بەشێوەیەک لەشێوەکان لەکۆڵی کردنەوە، لەکاتێکدا بەرپرسە حکومی و حیزبی و پەرلەمانییەکانی عێراق و هەرێم بۆ بچووکترین کێشەی تەندروستیان و لەسەر گیرفانی میللەت دەهاتنە پێشکەوتوترین ناوەندە پزیشکیەکانی ئەورووپاو جیهان.

لەو هەموو بودجە زەبەلاحەی کە دەدرا بە کوردستان لەلایەن حکومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستانەوە گوژمەیەک بۆ چارەسەری بریندارانی کیمیاباران دیاری نەکراو کاتێکیش (دەساڵ لەمەوپێش) ئەو داوایەمان ئاراستەی پەرلەمانی کوردستان کرد بەزۆرینەی دەنگی پەرلەمانتاران ڕەدکرایەوە کە ئەوەش تاوانێکی دیکەبوو دەرهەق بەبریندارانیان کرد لەلایەن خودی پەرلەمان و پەرلەمانتارانی کوردستانەوە، ئەو پەرلەمان و پەرلەمانتارانەی کە بوونەتە بارێکی قورس بەسەرشانی میللەتەوە. !

لەکۆتاییدا تکا دەکەین لەلایەنە سیاسیەکانی کوردستان کە بۆ پاراستنی ئاوی ڕوخساریان دەست بخەنە ناو دەستی یەکترو نەفرەت بکەن لە ڕابوردوویان و لەبری بچووکی نواندن بۆ

دوژمنانمان و دەست ماچ کردنیان بچووکی یەکتری بکەن و دەستی یەکتری ماچ بکەن تاوەکو ئەو کەمەش بەدەستمانەوە ماوە بۆ یەکجارەکی لەدەستی نەدەین.

شکۆمەندی و سەربڵندی بۆ شەهیدانی هەڵەبجەو کەسوکارەکانیان.

چاکبونەوەی زووتر بۆ بریندارانی کیمیاباران، شەهیدە زیندووەکانی هەڵەبجە.

کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە

16-3-2018